Foto: Martina Huber/Regeringskansliet

کەسانێ کە لە دۆخێکی سیاسی بەدەرەوەدان

لە ١ی ئۆگوستی ٢٠١٥ دا پەڵپی تازە لە یاسای پارەسپیکردنەوە هێنرایە ئاراوە ،ئەویش مانای ئەوەیە کە بانکەکە ئەبێت هەروەها بزانێت کامانە لەم کڕیارانە لە دۆخێکی سیاسی بەدەرەوەدان (لەبەرچاوون). ئەمە هەم ئەو کڕیارانە ئەگرێتەوە کە لە سوید نیشتەجێن و هەم ئەو کڕیارانەی لە هەندەران نیشتەجێن.

کەسانێ کە لە دۆخێکی سیاسی بەدەرەوەدان PEP

کەسێک کە لە سیاسەتدا بەدەرەوە بێت (Politically Exposed Person – PEP)

کەسێک کە لە سیاسەتدا بەدەرەوە بێت یان ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی دا هەبێت یان هەبووە. مەبەست لە کاری گشتی گرنگ بۆ نموونە سەرۆکی وڵاتە ،ئەندامانی پەرلەمان، سەرۆک وەزیران و ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتییەکان پارتە سیاسیەکان کە لە پەرلەماندا نوێنەرایەتیی ئەکەن یاخود لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا. دادوەرەکانی دادگای باڵا و دادگای بەڕێوەبەرایەتی باڵا، ژمێریارە نیشتمانیەکان ،بەڕێوەبەرایەتی بانکی نیشتمانی، سەفیرەکان ،ئەفسەرە بەرزەکان (ژەنەراڵ، عەقیدەکان ،عەمیدەکان، ئەمیراڵەکان، جێگری ئەمیراڵ و عەمیدی دەریایی)، بەڕێوەبەری جێبەجێکردن یان ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی لە کۆمپانیاکانی دەوڵەتدا یان کەسێک لە بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوێکی نێونەتەوەییدا (ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ،سکرتێری گشتی، لەگەڵ شتی تردا).

کەسێک کە لە سیاسەتدا بەدەرەوە بێت PEP، پێوابوون هەیە کە ئەو لە ڕێگەی پلەکەی و دەسترۆیشتوویی خۆی خاوەن پێگەیەک بێت کە لە خۆیدا مەترسییەک دروست ئەکات کە بۆ نموونە لە تاوانی بەرتیلخواردندا سوودی لێوەربگرێت.

ئەندامەکانی خێزان و هاوکارە ناسراوەکان

بانکەکە ئەبێت ئەوەش بزانێت کە کامانەن ئەندامانی خێزانن و هاوکارە ناسراوەکانی ئەو کڕیارەن کە لە سیاسەتدا بەدەرەوەیە. مەبەست لە ئەندامانی خێزان ،ژن/ مێرد، هاوسەرێکی تۆمارکراو یان هاوژین و باوانە.

مەبەست لە هاوکاری ناسراو ئەوەیە:

- کەسێک کە بە هاوبەشی لەگەڵ کەسە سیاسیە بەدەرەوەکەدا خاوەندار بێت یاخود بە هەر شێوەیەکی تر دەسترۆیشتوویی بڕیاردانی بەسەر کۆمپانیایەکدا هەبێت،
- کەسێک کە بە شیوەیەکی تر پەیوەندیی نیزیکی بە کەسە سیاسیە بەدەرەوەکەوە هەبێت یاخود هەبووبێت – پێویست ناکات بەستنەوەی بازرگانی بێت.
- کەسێک کە بە تەنیا خاوەنداره یان بەتەنیا دەسترۆیشتوویی بەسەرکۆمپانیایەکدا بەئەنجام ئەگەیەنێت ، کە خۆی لە ڕاستیدا بۆ سوودی کەسە سیاسیە بەدەرەوەکە دروستکراوە.

بەرپرسی سەرەکی ڕاستەقینە

ئەگەر کڕیارەکە کۆمپانیایەکە، ئەبێت بانکەکە کۆنترۆڵی ئەوەش بکات کە خاوەنە ڕاستەوخۆکە یان ناڕاستەوخۆکە کەسێکی سیاسی بەدەرەوەیە و ئەگەر خاوەنێتی ئەو بگاتە ٢٥ لەسەدا، یان کە کەسەکە دەسترۆیشتوویی بە ئەنجامگەیەندەر بەسەر کۆمپانیاکەدا ئەکات.

بانکەکە ئەبێت پرسیارگەل ئەراستەبکات

یاسای پارەسپیکردنەوە مەرجی بەرزی هەیە بەوەی کە بانکەکە زانینی باشی لەسەر کڕیارەکانی و مامەڵە بانکیەکانیان هەبێت. بانکەکە ئەبێت لە مەبەستی بارودۆخی مامەڵەکردنەکە و هێنانوبردنە جۆراوجۆرەکانی پارە لەناو بانکەکەدا تێبگات.

کاتێک کە دێتە سەر کەسێکی سیاسی بەدەرەوە، ئەوا بانکەکە ئەبێت هەنگاوەچارەی بێ لە باری ئاسایی – هەنگاوەچارەی توند بنێت. ئەمە مانای ئەوەیە ،کە بانکەکە بۆ نموونە، پێش ئەوەی پەیوەندییەکی بازرگانی لەگەڵ کەسێکی سیاسی بەدەرەوە دەستپێبکرێت، ئەبێت پەسەندکردن لە کەسێکی بڕیاردەری مۆڵەتپیدراو لە بانکەکەدا وەربگرێت. بانکەکە ئەبێت هەنگاوەچارە بنێت بۆ دیاریکردنی سەرچاوەی ئەو سامان و پارەیەی کە بە پەیوەندییە بازرگانیەکە و هێنانوبردنی پارەکەوە گرێدراوە. هەمان شت بۆ ئەندامانی خێزان و هاوکارە ناسراوەکانی کەسێکی سیاسی بەدەرەوە بڕەوی هەیە.

بانکەکە بە هۆکاری ئەمە، پرسیارگەلی زیاتر لە کەسێکی سیاسی بەدەرەوە، ئەندامانی خێزان و هاوکارە ناسراوەکانی ئەکات. ئەوەبۆیە دەستپێکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ پەیوەندیی بازرگانی ئەم کەسانەدا کاتی درێژتری بۆ بانکەکە پێئەچێت .

هەموو ئەو زانیارییانەی کە بانکەکە وەریئەگرێت بە نهێنی مامەڵەی لەگەڵ ئەکرێت و بەنهێنیکردنی بانک ئەیگرێتەوە.

بەدواداچوونی بەردەوام

بانکەکە ئەبێت کۆمەڵە زانیاریی کڕیارەکانی بە نوێ کراوەیی ڕابگرێت. هاوکات لەگەڵ گۆڕانی ناوبەناوی بارودۆخی دامەزراندن و پەیوەندییە خێزانییەکان و شتی تر، بانکەکە پێویستی بەوەیە کە بە بەردەوامی ئەو زانیارییانە نوێ بکاتەوە کە لەم بوارانەدا لەسەر کڕیارەکە هەیەتی.

ئایا چ کاتێک کەسێکی سیاسی بەدەرەوە کۆتایی پێدێت؟

کاتێک کە کەسێکی سیاسی بەدەرەوە لە بەئەنجامگەیاندنی کارەکەیدا وەستا، ئەبێت بانکەکە ١٨ مانگ دوای ئەوەش وا مامەڵە لەگەڵ کڕیارەکە بکات کە کەسێکی سیاسی بەدەرەوەیە. پاش ئەوە ئەبێت بانکەکە هەڵسەنگاندنی مەترسی بکات.

Svenska Bankföreningen
Swedish Bankers' Association
www.swedishbankers.se
تەلەفۆن: 00 44 453 – 08